# پەیامێکی جەنگی

## لە بەیروتەوە بۆ تاران



محەمەدی کەریمی
ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆ

کورد بووەتە خاوەن کیانێکی یاسایی و شەرعی ڕاستەوخۆ، بەڵام هێندێک کۆسپی دیارو نەدیار به ناڕاستەوخۆیی دەیهێڵنەوە.!؟

هەڵبژاردنەکانی 30 ی یەکەم مانگی ئەم ساڵی ناو خۆی کوردستان و عێڕاق بە گشتی، کوردی چەند پلە بەرەو سەرەوە برد. لە بازنەی ناوخۆیی کوردستانەوە ڕفاندنی بۆ ناوەندی عێڕاق. ئاکامی هەڵبژاردنەکان گەر کوردی لە ڕەهەندی بەڕێوەبەرانی سەرەکی جیهانی دژە تیرۆریسم نزیکتر کردەووتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئاکامی ئەم سەرگرتنانە ، کورد لە ڕێگەی بەغداوە و لە دالآنی عێڕاقەوە بەرەو دەروازەی سیستەمی نوێی جیهانی ڕادەکێشێت. سوڕێک کە کورد لە کەش و هەوای سەربەخۆیخوازی دوور دەخاتەوە.!

بوونی سەرۆکی کوردستانی فیدراڵ لە جێی خۆی، بەڵام بوونی کورد وەک سەرۆکــکۆماری عێڕاق، خۆی لە خۆیدا زۆر مانای وورد و درشتی سیاسی و تەنانەت مرۆڤی و سەتاسەت یاسایی و شەرعی دەگرێتەوە.

سەرۆککۆماری تاڵەبانی وەک نوێنەری ناوەکی کوردستانی فیدراڵ لە ساحەی گشتی عێڕاقی فیدڕاڵدا . وڵامێک بوو بۆ مێژوو کە عێڕاق بە درێژایی تەمەنی وڵاتێکی تەواو عەرەبی نەبووە و نیشــە.

لە ئاوێنەی مێژووی جیهانی نوێدا و بە بەرچاوی گشت جیهانەوە، کورد بە وێنەی گەلێکی مەزلووم و بە هەیبەت، سەلماندی کە ڕەوایە خاوەن کیان بێت. بەڵام هێشتەکەیش ماویەتی کە حوکمە ئازادییەکەی بە ئێجگاری وەربگرێت. باس وخواستەکە ئەوەیە، کە ئایە کورد دەتوانێت ئەم هەل و مەرجانە بە دڵخۆشی و لەڕێگەی دیپلۆماسییەوە بقوازێتەوە.

دەڵێی، پرۆژە سیحراوییەکەی ڕۆژهەڵاتی جادوگەر، واخەریکــە بەرەو کۆتایی دەچێت. دەروات با بروات، بەغدا نیوەی ڕێگەی بێت.

گەرچی کۆتایی ئەم سەرتایەیش زۆر دەکێشێت، بەڵام تۆ بڵێی ئەمن و ئاسایش و حەسانەوە، باوەشی خۆی بە سەر ناوچەکەدا ڕابکێشێت.؟ ئەم ناوچەیەی کە بە درێژایی ئەم سەر و ئەوسەری لانیکەم شەڕەکانی پتر لە نیوسەدەی ڕابردوو، کێشە گرنگەکانی دنیای ئەمڕۆ و تەنانەت سبەینێ و بە گشتی جیهانی داهاتووی کوردیشی لە خۆیدا گرێداوە.
کە ئەمریکا هات. لۆ جەستەی خەستەی عێڕاقی دەستەبەستە هات و لە دوایشدا ئینگلیس هات بە دوایدا. جیهان بە چاوانی خۆیان بینیان کە چەها دەوڵەت و چەنێک وڵاتی ڕەنگاوڕەنگ و تەنانەت گەلانی بێ وڵات و بێ ئاڵای وەک ئێمە و شیعەکانیشی، تێهـﺎڵان. هەموو ، هەر یەک بە جیا و بە گشتی بە دوای قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان کەوتوون. ئەم ئیدیعایەیش وهەر یەک بە جۆرێک ئیعترافیان پێکردووە.
گەر کورد لە ڕابردوودا زۆرجاران بابردوو بووە، بەڵام قەت بە ڕادەی ئەم ماوەیە قازانج و بەرژەوەندییەکانی گشتی کۆ نەکردووتەوە. لە گردوونەی دەرەکی و ناوەکیشدا کورد لە گشت جیهانی ناو بازنەی عێڕاقی هیوا و ئاشتیدا بێ وەیترە. سەرکەوتووترە. دوو مەقامی باڵا و چەند کورسی واڵای عێڕاق و ئاڵای کورد، بە پێی یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵی بەینەالمیلل، لە دەست و مەچەکی خودی کورددایە. وورد و درشتی هێزەکانی جیهانی هاوپەیمانان، پاڵپشت و چاودێری یاسایی و گشتی وەزع و زروفەکەن.

دواین پەیامی سەرۆک بووش لە ناوەندی سەربازانی ئامادەی جەنگەوە دەرچوو. بە هەمان جل و بەرگی جەنگی و خاکی هاتەگۆ، کە لە شەڕی ئازادی ئەفغانستان و رزگاری عێڕاقدا پۆشیبووی. دواین پەیامی سەرۆکی ئەمریکا سەرتاپای کوردی دەگرتەوە.
هاتنی وەزیری بەرگری ئەمریکا بۆ عێڕاق، دوابەدوای سەرکەوتنی کورد لە ساحەی گشتی عێڕاقدا و دیدار لە گەڵ سەرانی کورد لە دوو کۆشکی تایبەتی سەرۆکایەتی عێراقی فیدراڵ و هەریمی کوردستانی فیدڕاڵ، بە گشتی ئەم گوتارانەیان لێبووەوە، کە ئەمریکا پاڵپشتی ئەم پێکهاتەیە کە کورد لە سەرووی هەمووانەوەیە.

هەر لەم ڕۆژەدا و لە دوای دانیشتنی مەسیف، ڕامسفێڵد وەزیری بەرگری ئەمریکا لە کۆنفڕانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا گووتی :
قسەکانی سەرۆک بارزانی هەر ئەو قسانەن کە سەرۆک بووش داوایان دەکات.
دروست هەر لەو ڕۆژەدا و لە نێوان جەمگەلێکی سەربازی و نیزامی و عەسکەری جەنگی و ئامادەی جەنگدا، سەرۆک بووش هاتە بەر چرای کامیرای ئاژانسەکانی هەواڵ و دەنگ و باسی جیهانی و قسەکانی خۆی بە گوێی جیهاندا دادا وگووتی :
دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ لە عێڕاق ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەرکەوتن وەدەست دەهێنن. بووش گووتی، عێڕاق وێنەیەک بوو لە دیواری بەرلین کە ڕووخا. سەرۆکی ئەمریکا جارێکی دیکەیش ئاماژەی بەوە کرد، کە عێڕاق پێگەی ئازادی و پایەختی گەشەپێدانی دیموکڕاسییە لە گشت ڕۆژهەڵاتدا و دەسا با لە بەیروتەوە تا وەکو تاران گوێیان لەو ئاڵ و گۆڕانەبێت کە پەیتاپەیتا لە عێڕاق و لە لوبنان و فەڵەستین و لە گشت ناوچەکەدا و ئەشێت بێنە کایەوە..!

قەت نەبووە کە کوردی کەمچارە، هەلی وا لەبار و خۆش و هەمواری، وەک ئەم سەردەمەی ئیستەکەی بۆ ڕەخسابێت، بەڵام نابێت لە بیریشمان بچێتەوە کە ساڵکیتر و ئا لەم کاتانەدا قانونی ئەساسی و دەستوری بنەڕەتی پەسەندکراوی گەلی عێراق قسەی ئاخر دەکات.

گەر بێتو کورد بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە لە ماوەی یەک ساڵی کاتیدا نەتوانێت سەرکەوێت و بە ئاواتەکانی خۆی بگات. ئیتر واباشە کورد دەست لە سیاسەتبازی هەڵبگرێت. بە تایبەتی حیزبەکان،
کە ئەوکاتی لە دواوەی تەنانەت ئیسلامییە توندرەوەکانیشەوە کورتی دەهێنن.

ماوەتەوە ئەم پلەیە. ماوەکە کورتە و بەسەرهات و چارەنووس و داهاتووی کورد بە گشتی، خۆیان لەم ماوە کورتە گرێداوە، هەر سەرکەوتن و دواکەوتنێکی کورد لەم ماوەیەدا، ڕاستەوخۆ ئەستۆی حیزبە کوردییەکان دەگرێتەوە.